# ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) دا

**ساکار دلشاد عثمان[١]، نەجم خالید ئەڵوەنی[٢]**
[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Sakar.othman@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) )دایە، ئامانج لەم توێژینەوەیە باسکردنی تەکنیکەکانی گێڕانەوەیە، لەپاڵ تەکنیکەکانیشدا تیشک خراوەتە سەر دەرکەوتەی خراپی ڕووداوەسیاسییەکان لە سەر چارەنووسی گەلان، بەتایبەتی ئەوگەلانەی لە ڕۆمانەکانی سنووری باسەکەماندا ئاماژەیان پێدراوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕەوتەکانی زەمەنی گێڕانەوە وەکو( ڕەوتی هەڵکشاو، ڕەوتی داکشاو، ڕەوتی لولپێچ) و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان وەکو( شێوەی تێکهەڵکێش، شێوەی نۆرەیی، شێوەی بازنەیی) بە وردی ڕوونبکرێتەوە. بە پێی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە ڕۆمانەکانی ماردین ئیبراهیم خاوەن بنیاتێکی بەهێز و کاریگەرن لە ڕووی چنینی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیاندا. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کەوا بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی داکشاو لە ڕەوتەکانی دیکە زیاتر بەکارهاتووە، و شێوەی تێکهەڵکێشیش بە ڕاددەیەکی فراوانتر لە شێوەکانی دیکە ڕۆمانەکانی پێ دەوڵەمەند کراوە.

**وشە کلیلییەکان:** ( ڕووداو، گێڕانەوە، سیاسەت )

**ملخص:**

دراستنا هذه و الموسومة ب(مسارات واشكال سرد الأحداث السياسية في روايات ماردين ابراهيم). تتناول تقنيات السرد والتمظهرات السلبية للأحداث السياسية في مصير الشعوب، ولا سيما الشعوب التي اشارت إليها النماذج الروائية الواقعة في نطاق هذا البحث الذي تحاول فيه الباحثة ان توضح بدقة، مسارات زمن السرد مثل: ( المسار الصاعد، المسار الهابط و المسار الحلزوني). كما وضحت اشكال سرد الأحداث السياسية مثل: ( التداخل السردي، السرد التناوبي، والسرد الدائري).

اوضحت الدراسة أن روايات (ماردين ابراهيم) تمتلك بنية قوية ومؤثرة من حيث حبك الأحداث و سردها. وتوصلت في إحدى نتائجها إلى ان الروائي وظف المسار الهابط اكثر من المسارات الاخرى، وكذالك اثرى رواياته بالتداخل السردي اكثر من الأشكال السردية الأخرى.

**الكلمات المفتاحية:** الحدث، السرد، السياسة

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٧ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢٢) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٢/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Sakar.othman@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٢ ساکار دلشاد عثمان، پ. ی. د. نەجم خالید ئەڵوەنی، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract:**

This research is entitled (The Routes and forms of Narrating Political Events in Mardin Ibrahim's Novels). The aim of this research is to discuss the narration techniques, alongside this, the political events bad consequences on the nations' destiny is highlighted, especially those nations referred to in the novels of our framework. In this research, it is attempted to accurately clarify the narration time trends like rising route, falling route and twisting route, as well as clarifying the narration forms of the political events, like amalgamating and blending form, turn taking form and circular form. According to this research, it is realized that Mardin Ibrahim's novels have strong and effective construction with reference to the events levels and their narrations. One of the findings of this research is that the falling route is generally used more than the other routes, and amalgamating and blending form is more broadly used than the other forms to enrich the novels.

**Key Words:** Event, Narration and Politics

## پێشەکی :

ڕووداو یەکێکە لەو توخمە گرنگانەی لە بنیاتی دەق هەموو ڕۆمانێکدا ئامادەیە، وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی گێڕانەوە بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا بنیاتی هونەریی ڕۆمان پێکدەهێنن. گرنگی و بەهونەریکردنی ڕووداویش دەکەوێتە ئەستۆی گێڕانەوە، واتە هەر ڕووداوێک ئەگەر گێڕانەوەیەکی جوانی بۆ بکرێت، جوان دەردەکەوێت، دەکرێ ڕووداوێکی کاریگەر بەهۆی گێڕانەوەیەکی لاوازەوە فەرامۆش بکرێت، بەهەمان شێوە ڕووداوێکی ئاسایی بە گێڕانەوەیەکی کاریگەر ببێتە شاکارێک.

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی (ڕەوت وشێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) ) دایە، هەوڵێکە بۆ شیکارکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆمانەکانی ماردین ئیبراهیم لەنێو ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەدا، بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوی ڕێبازی (ڕەخنەی بنیاتگەری پێکهاتەیی) کراوە، کە میتۆدێکە گرنگی بە لایەنە هونەرییەکانی ناوەوەو دەرەوەی دەق دەدات لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە، هیچ کامێکیان فەرامۆش ناکات لە توێژینەوەی دەق ئەدەبیدا، هەوڵ دەدات دەق لە بونیادە داخراوەکەی تێپەڕێنێت و بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەیەوە ببەستێتەوە.

گرنگی توێژینەوەکە، وردبوونەوەیە لە ڕەوت و شێوەکانی گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی نێو ڕۆمانەکان و خستنە ڕووی کۆمەڵێک وردەکاری گرنگ کە گێڕانەوەکانی جوانتر کردووە لە ڕووی ئێستاتیکاوە.

کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆمانەکانی ( خەونی پیاوە ئێرانییەکان، کەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، مەرگی مەیموون، دەفتەری پیرانی غەمناک).

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختەو پێشەکی و دووبەشی سەرەکی پێک دێت، بەشی یەکەم سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باسی ڕەوتی هەڵکشاومان کردووە و لە تەوەری دووەم ڕەوتی داکشاو، و لە تەوەری سێیەمیشدا ڕەوتی لولپێچ کە نوێترین ڕەوتی گێڕانەوەیە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان باسکراون. بەشی دووەمیش لە سێ تەوەر پێکدێت، لەتەوەری یەکەم باسی شێوەی تێکهەڵکێش و لە تەوەری دووەم دا باسی شێوەی نۆرەیی،و تەوەری سێیەمیش کە دوا تەوەرە تایبەتکراوە بە شێوەی بازنەیی. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەو لیستی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم:- ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداو:

ڕووداو یەکێکە لەو توخمە گرنگانەی گێڕانەوەی ڕۆمان کە بە هاوکاری لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا بنیاتی ڕۆمان پێک دەهێنن، دەکرێ بڵێین ڕووداو بەنەفەسی گێڕانەوە دادەنرێت لەبەرئەوەی هەبوونی ڕووداو لە چیرۆک و ڕۆماندا مەودای گێڕانەوە فراوان دەکات و هەروەها هەموو توخمەکانی دیکەی وەکو کارەکتەرو شوێن و کات لەخۆیدا جێدەکاتەوە، (( کەواتە ڕووداو ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا ئەم ڕوو بە ڕووبوونەوانەش لە ڕێی هۆو هۆکارەوە لە بەدواهاتنێکی ڕێک و پێکدا یاخود بەشێوەیەکی تێکشکێنراو بە پێی ڕەچاوکردنی هۆو هۆکار دەخرێنە ڕوو))(سعید، ٢٠١٣ ، ٢٢).

بایەخ و گرنگیی ڕووداو لە ڕۆماندا ناوەستێتە سەر گەورەیی یاخود سادەیی ڕووداوەکە، بەڵکو ئەوە شێوازی گێڕانەوەو چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆماننووسە لەگەڵ ڕووداو و توخمەپێکهێنەرەکانی بنیاتی ڕۆمان کە چۆن لە قالبێکی هونەریدا دایان دەڕێژێت، ((چونکە پەیوەندی نێوان توخمەکانی ڕۆمان ( کات، شوێن، کارەکتەر، ڕووداو) پەیوەندییەکی تەواوکارییە. جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی ئاسان نییە تەنیا لە ئاستی تیۆری دا نەبێت. کەواتە ڕووداو توخمیکی گرنگی بنیاتە، بەڵکو دەکرێ بڵێین بڕبڕەی پشتی هەریەک لە توخمەکانی کات- شوێن، کارەکتەرو زمانە، بەڵام چۆنیەتی ڕێکخستن لە گێڕانەوەی ئەم توخمانەو ئاوێتەکردنیان لەناو یەکتری بە پێی سەردەم دەگۆڕێت))( خاڵەدێوە، ٢٠١٠، ١٥).

ئەرستۆ بایەخێکی زۆری بە ڕووداو داوەو لەکتێبی(هونەری شیعر)دا لە بارەی ڕووداوەوە دەڵێت: ((لەهەموو توخمەکان گرنگتر چنینە، واتە ڕێکخستنی ڕووداوەکانە، چونکە بێگومان تراژیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە، بەختەوەری و بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراوەتەوە.))(ئەرستۆ: ٢٩).

لەبارەی ڕووداوەوە ژیرارژینێت دەڵێت: )(ڕووداو پەیامێکە یان ئاماژەیەکە بۆ شتێک، وەکو نێردراوێکە شتێکمان بۆ دێنێت و شتێکمان پێدەڵێت() (Genette,1980,40 )

هەر لە بابەت گێڕانەوەی ڕووداوەوە ژیرارژینێت پێی وایە: ((ڕووداو لە هەر گێڕانەوە و باسکردنێکدا بێت، واتە، هاتنە ئارای گۆڕانکارییەک جا لە خودی پلۆتی کارەکە، یان لە دید و خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئێمە بۆ کارەکتەرەکان. هەربۆیە پێکهێنەر و دروستکەری زنجیرەی چیرۆکەکە و کارەکەیە. بۆ نموونە، پێکهاتەی ڕۆمانێک دەکەوێتە سەر دروستکردن و ڕێکخستن و ڕیزکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی ڕووداوەکانی)( Genette,1980,38 )

ئیڤان مارشاڵ دەڵێت: (ڕووداو واتە هێڵ و ڕێڕەوی چیرۆکەکە یان کارە ئەدەبیەکە، ڕووداو واتە ئەو بەسەرهاتە بایەخدارانەی کە بەسەر کارەکتەرەکان دادێن. بەگشتی، ڕووداو واتە، وەسفکردنی هەموو ڕووداوەکان و تەواوی ئەو شتانەی کە ڕوودەدەن. هەروەها دەڵێت: ڕووداو هەر شتێکی ئاسایی نییە کە ڕووبدات، بەڵکو دەبێت گۆڕانکارییەک بێنێتە کایەوە و کاریگەرییەک لەسەر ئەو کارەکتەرەی پێوەی پەیوەستە جێبێڵێت) (Marshall,1998,148).کەواتە لە خستنەڕووی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەکرێ بڵێین ڕووداو ئەو توخمە سەرەکییەی بنیاتی ڕۆمانە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێ و هۆکارێکە بۆ خستنەجووڵەو دروستکردنی ململانێ لە نێوان کارەکتەرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.

لەبەر ئەوەی ڕووداو پەیوەندی بە زەمەنەوە هەیەو زەمەنیش لە ڕۆماندا لەسەر یەک هێڵی ڕاستەوخۆ ناجووڵێتەوە، بەڵکو چەند ئاراستەیەکی جیاواز وەردەگرێت، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەگوێرەی بنیاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکان ئەو جووڵەیەمان دابەشکردووە بەسەر سێ ڕەوتداو بۆ باسکردنی هەر ڕەوتێکیش تەوەرێکمان بەم جۆرەی خوارەوە تەرخان کردووە.

## تەوەری یەکەم: ڕەوتی هەڵکشاو:

لەم ڕەوتەدا هاوئاهەنگییەک لە نێوان زەمەنی نووسین و سەردەمی ڕۆمانەکەدا هەیە ڕووداوەکان هاوتەریب لەگەڵ جووڵەی نووسینەکەدا دەچنەپێش، لەم شێوەیاندا (( بەرەو ڕووی ڕووداوێکین کە لە ئێستا بەرەو داهاتوو دەڕوات، ڕۆماننووس جۆرێکی ڕێکخستووە کە زەمەن بەرەو هەڵکشانە. ئەمەش جۆرێکە کە هاوڕەوتی لە نێوان زەمەنی نووسین و زەمەنی ڕووداو هەیە، ڕووداوەکان لەم ڕەوتەدا یەک بە دوای یەکە لە ڕێکخستندا هەروەکو چۆن لە چیرۆکە کلاسیکییەکاندا بەرچاو دەکەوێت.))(بوراین، سلام، ٢٠١٦، ٨). واتا ڕووداوەکان بەشێوەیەک ڕێکخراون کە لە منداڵییەوە دەستپێدەکات تا لاوێتی و پیربوون ومردن، قۆناغەکانی ژیان وورده وورده دەچنەپێش. لە ڕەوتی هەڵکشاودا جووڵەی زەمەن بەرەو دواوە دەوەستێ و ڕوو لە ئاینده دەکات، کەواتە دەکرێ بگوترێ لەم ڕەوتەدا (( ڕووداوەکان لە خاڵێکی ئێستای گێڕانەوەوە دەستپێدەکەن و بەردەوام بەرەو ئاینده دەچن، بێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەگەریش ئەم گەڕانەوەیەی تێدا هەبوو، تەنیا لە سنوورێکی تەسکدا ڕوودەدات))(العاني، ١٩٩٤، ٧٥-٧٦).

## - ڕەوتی هەڵکشاو لە ڕۆمانی( کەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا):

لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) ڕۆماننووس بە شێوەیەکی سەیر لە ڕابردوویەکی دوورەوە دێتەوە بۆ ئێستا، ئەمەش بازدانێکە لە ڕووی کاتەوە بە مەودای پێنج سەدە. ئەم بازدانەش گەمەکردنێکی جوانە بەکات لە لایەن ڕۆماننووسەوە، وادەکات دەقەکە سەرنجڕاکێشتر دەربکەوێت و چێژێکی زیاتریش بەخوێنەر بدات. گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و فلاشباک بەستووە، لە ڕێی ئەم سێ جۆرەی تەکنیکی گێڕانەوەوە کۆمەڵێک زانیاری لە بارەی کارەکتەرو ڕووداوەکانەوە پێشکەشی خوێنەر کراوە. بگێڕەوەی ئەم ڕۆمانە دابەشبووە بەسەر دووجۆردا، ئەوانیش بگێڕەوەی هەمووشتزان و بگێڕەوەی هەمان شتزانە، بەشێوەیەک لە گێڕانەوەی ڕووداوە هەڵکشاوەکاندا بگێڕەوە لە جۆری هەموو شتزانەو ئاگادارە لە هەموو ئەوشتانەی لەناو زەینی کارەکتەرەکەدا هەیە و بۆ خوێنەری دەگوازێتەوەو (( توانای ئەوەی هەیە کە هەموو شتێک دەربارەی کارەکتەرو ڕووداوەکان بزانێت لای ئەم حەکایەتخوانە کارەکتەر هیچ شتێکی شاراوەی نییەو تەنانەت ئەوەی کە دەبێ لەناو خۆیدا بیشارێتەوە، حەکایەتخوان ئاگای لێیەو بۆ خوێنەرانی ئاشکرا دەکات ))( ئەڵوەنی، ٢٠١٥، ٢٠).

لە ساڵی (١٤٠٠) ی زایینی کاتێک دیمەشق لەلایەن مەغۆڵەکانەوە داگیردەکرێت، لە یەکێک لەو شەوانەی کەوا تەیمورلەنگ بە مەبەستی کەیف و سەفا، زاناو هونەرمەندان و حیکایەتخوانەکان کۆدەکاتەوە، لەوشەوەدا باوکی کارەکتەری سەرەکی کە پیشەی حیکایەتخوانییەو ئاماژە بەناوەکەی نەکراوە، لەلایەن تەیموورەوە داوای لێدەکرێت چیرۆکێکی نوێ بگێڕێتەوە کە لەوەو پێش نەبیسترابێت، هەروەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە ( ٢١٣) دا هاتووە: (( باوکم وتی: من ئەمشەو چیرۆکێکی ناوازەتان بۆ دەگێڕمەوە و بە پێچەوانەی هەموو ئەو چیرۆکانەی پێشتر دەربارەی ڕابردوو گێڕاومەتەوە، ئەمشەو چیرۆکێکە سەبارەت بە ئاییندەیە.

تەیموور پرسی: ئەوەش پێشگۆییە؟

باوکم وتی: نەخێر ئەوە تەنیا چیرۆکێکە، کە باس لە ئاینده دەکات)).

لە کاتێکدا زەمەن لە کاتی خوێندنەوەی حیکایەتەکە لە سەدەی چواردەیە، بەڵام چیرۆکەکە باسی زەمەنێک دەکات کە دەکەوێتە سەدەی بیستەم، هەر وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە (٢١٤)دا هاتووە: (( باوکم وتی: من ئەمشەو چیرۆکی پێنج پیاوتان بۆ دەگێڕمەوە، جەنگێک لە کۆتایی سەدەی بیستدا ژیان و چارەنووسیان بە شێوەیەکی ترسناک دەگۆڕێت)).

لێرەدا ئەو حیکایەتخوانە لە زەمەنی ئێستادا باسی ڕووداوێک دەکات کە لە ئایندەیەکی دووردا ڕوودەدات، ئەمەش هەڵکشانێکی جوانە لە ڕووی تەکنیکی گێڕانەوەوەو هێڵێکی زەمەنی دوور دەبڕێت، ڕۆماننووس دەیەوێت لەڕێی باسکردنی ژیانی ئەو پێنج پیاوەوە باسی تراژیدیای

جەنگی عێراق و ئێرانمان بۆ بکات کە چۆن مەملەکەتێک وێران دەکات، چۆن وەک تاعوون بەردەبێتە گیانی نەتەوەیەک. دەچێتە ناو دیوە تاریکەکانی دونیای سیاسەتەوە کە هیچ بەڵگەنامەیەک زات ناکات لەخۆیدا جێگایان بکاتەوە. پێمان دەڵێت سیاسەت چ بۆگەنییەک بە دونیادا بڵاودەکاتەوە. بەرزی ئاستی هونەریی ئەم دەقە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕۆماننووس توانیویەتی دوو ڕووداوی واقیعی و مێژوویی جەنگ بگوازێتەوە نێو دونیای ئەدەب و بە تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵ دا دەقێکی هونەریی بەرزی لێ بخوڵقێنێت، بەجۆرێک لە هەناوی چیرۆکی یەکەمیانەوە دەچێتە ناو چیرۆکی دووەم، ئەمەش بەجۆرێکە کەوا هەریەک لە چیرۆکەکانی نێو دەق ڕۆمانەکە هەموو خاسیەتێکی بوون بە دەقێکی کامڵیان تێدایەو دەکرێ بە دەقێکی سەربەخۆش پێشکەش بکرێت. هەر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ڕۆماننووس کارەساتەکانی جەنگ و وێرانکاری و بەدڕندەبوونی مرۆڤی بەشێوەیەکی باڵا بەرجەستەکردووە.

لەم دەقەدا ڕۆماننووس لە ڕێی باسکردنی ژیانی پێنج پیاوەوە نەهامەتی میللەتێک دەنووسێتەوە کە بە هۆی جەنگەوە لەبار یەک دەترازێن. بە گوێرەی ئەوەی لە لاپەڕە (٢٢٣) دا هاتووە، ئەو پێنج پیاوە خەڵکی گوندی بۆرە قەڵان، کە گوندێکی دوورو لاتەریکی کوردستانە: (( ئەوێ دەمێ جەنگی ئێران و عێراق هەڵگیرسا، کەس نەیدەزانی هێندە توڵ دەکێشێ، لە فیکری کەسدا نەبوو ئەو هەمووکاریگەرییەی دەبێت بۆ سەر گوندێکی لاکەوتەو بێدەنگ و کپ و دوورە دەستی وەک بۆرە قەڵا)) ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ چارەنووسی هەموو ئەو گوندو شارو شارۆچکانەی کەوتبوونە نێو قەڵەمڕەوی ئەم حکومەتەوە.

ڕووداوەکانی نێو ئەم بەشەی ڕۆمانەکە کە دەکەوێتە خانەی هەڵکشاوەوە، بە جۆرێکە کە لە دەستپێکدا لە ئێستاوە بەرەو ئایندە دەڕوات، ئەگەر بۆ ڕابردووش بگەڕێتەوە لە سنوورێکی زۆر تەسکدا دەبێت، بە شێوەیەکە کار لە ڕەوتی گێڕانەوەکە ناکات.

سەرەتای ڕووداوەکان بە ڕێککەوتنێک دەستپێدەکات کە لە لایەن پێنج گەنجی ئەم گوندەوە دەکرێت. بە مەبەستی خۆ ناساندن بە بنکەکانی ناوتۆمارکردن و بوونە سەرباز و ناردنیان بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بێزارییەی کە دووچاری ببوون بە هۆی خۆشاردنەوەیان لەو مەفرەزانەی بە وەخت و ناوەخت خۆیان دەکرد بە گوند دا بۆ دەستگیرکردنی ئەوگەنجانەی گەیشتبوونە تەمەنی سەربازی. ئەو پێنج گەنجەش بە ئومێدی ئەوەی ئەو جەنگە زۆر درێژە ناکێشێت و دەگەڕێنەوە. بەرەو ڕیزەکانی جەنگ ڕۆیشتن. کە دەق ڕێککەوتنەکە وەک لە لاپەڕە (٢٣٠) دا هاتووە بەم شێوەیە: (( بۆ خەڵکی خۆشەویستی بۆرە قەڵا، ئێمە ئەو کەسانەی لەخوارەوە ئیمزامان کردووە، ڕایدەگەیەنین کە دەڕۆین بۆ سەربازی. ئێمەش وەکو ئێوە ڕقمان لەم حکومەتەیەو هیواداریین بە زووترین کات بە هۆی ئەم جەنگەوە بڕوخێت. کەستان نییە نەزانێت کە ئێمە بە خۆشی خۆمان نییە مل بەو ڕێگە سەخت و نادیارەوە دەنێین، بەڵام پێمان بڵێن ئەی چیبکەین؟...ئەگەر نەچین بۆ سەربازی یان دەبێت بچینە ناو ئەو چەکدارانەی لە شاخ دژی ڕژێم دەجەنگن...ئێمەش بکەوینە تەک تاقمێک و دەست بکەین بە کوشتنی تاقمێکی تر...یاخوود ببینە جاش. پێتان خۆشە ببینە جاش؟)) هەر لەم ڕاگەیانراوەدا ئاماژە بە دوو دیاردەی سیاسی ناشیرن لەم سەردەمەدا کراوە، ئەوانیش ناکۆکی و بەربەرەکانی تاقم و حیزبە سیاسییەکانی کوردە و جاشایەتی و فرۆشتنی نەتەوەو میللەت، کەببوونە مایەی بێزاری و شەرمەزاری خەڵکی کوردستان.

ڕۆماننووس تەونی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ دەچنێ و لە ڕێی بگێڕەوەیەکی هەمووشتزانەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە، بە جۆرێک بەر لە تەواوبوون و کۆتایی هەر ڕووداوێک دەچێتە ناو ڕووداوێکی دیکەوەو پێویستە خوێنەر ئەو ڕووداوە کەرتکراوانە لەیەک بداتەوە بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکانیان، بێگومان ئەمەش چێژێکی تایبەت بەخوێنەر دەبەخشێت. یاخود لە زۆر شوێندا کۆتایی ڕووداوێکمان دەداتێ و پاشان لە لاپەڕەکانی دواتردا بەدرێژی باسی دەکات.

لەیەکێک لەو ڕووداوانەدا باسی هێرشی ئێرانییەکان بۆسەر بازگەیەکی عێراقی دەکات کە مەلیک کەیکاوسی بۆرە قەڵای تێدایە وەک لە لاپەڕە (٢٦١) دا هاتووە: (( گرمەی دنیا لەرزێنی ناپاڵمەکان و دواتر بێدەنگییەکی کپ. دوای ئەوەی فرۆکەکان وەک لەو زەمانەدا دەیان ووت،

گەڕانەوە بنکەو بارەگاکانی خۆیان، لە موبەقەکەدا هەموو شتێک کۆتایی پێهاتبوو)).

هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی دیکەدا کە لە ئەنجامی هێرش و پەلاماری سوپای ئێران بۆسەر سەربازگەکانی عێراق، بەر لەوەی باسی چۆنیەتی پەلامارەکەو ڕووداوەکە بکات کە چۆن ڕوویداوە، یەکسەر دێتە کۆتایی و ئەو شوێنەی کەوا سیامەند لە نەخۆشخانە بە هۆش خۆی دێتەوە، وەک لە لاپەڕە (٢٦٤) دا باسکراوە: (( سیامەند هەستی بە کزانەوەیەک و ئازارێکی نیان کرد لە قاچی چەپیدا. خۆی جولاند و لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشت و ویستی دەست درێژ بکات بۆ ئەو شوێنەی ڕانی، کە ئازارەکەی لێوەدەهات، چاوی کەوتە سەر بۆشاییەک، بۆشاییەک کە لە لەفافەکەی ڕانییەوە بۆ خوار قەرەوێڵەکە درێژ دەبووەوە. سیامەند بۆی دەرکەوت قاچی بڕدراوەتەوە)).

لە لاپەڕە (٢٧٦) دا بگێڕەوە ڕووداوی کوشتنی سەرهەنگ عبدالجبارمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بە دەستی لوقمانی حەکیم دەکوژرێ کاتێک سەرهەنگ عبدالجبار دەیەوێت دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەری: (( سەعات یەک و سی و شەش دەقەی نیوەشەو لوقمانی حەکیم بە هەموو توانای خۆیەوە، چەقۆیەکی ڕاوەشاند و دای لەسەر دڵی سەرهەنگ عبدالجبار)).

هەروەها لە لاپەڕە (٢٩٢) دا تراژیدیای ئەنفالمان بەبیردێنێتەوە کاتێک ڕووداوی مردنی سورمەی کچی سیامەندمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوکاتەی لەبیرەکەدا دەری دەهێنن، کە دوو ساڵ لەمەوبەر سەربازێکی کوردی خەڵکی خانەقین لە سەروبەندی ئەنفال و ڕاگواستنی کوردەکان لە بیرێکدا دەیشارێتەوە بەو نیازەی دواتر ڕزگاری بکات: (( ئەوەی بینییان لەناو بیرەکەدا، ئەوەبوو پەیکەرێکی ئێسقانی بچکۆلە لەسەر لاتەنیشتی چەپ، لەسەر پارچە کۆنکرێتە زلەکان پاڵکەوتبوو، وەک ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت، وەک ئەوەی منداڵێک بێت بە ئەنقەست خۆی کردبێت بە خەوتوو...)).

لەکۆتایی دا بگێڕەوە دەمانباتەوە سەر ڕووداوی کوشتنی مەلیک کەیکاوس، کە دوای ئەوەی ئەو هەموو ماڵوێرانییەی لە ئەنجامی شەڕە نەبڕاوەکانی عێراق و پەلامارەکانی سوپای ئێراندا بەسەریدا هات، کە بەو دەردەیان بردوو ڕوخساری بەشێوەیەک سوتابوو کە هەتا مابوو نەیتوانی بێتەوە ناو ئاوەدانی و خەڵک و هەموو خەونەکانی لە گۆڕنا، دواجاریش لە ئەنجامی ململانێی نێوان حیزبە سیاسییەکان بووە قوربانی و ئەو ژیانەشیان پێ ڕەوا نەبینی، دوای ئەوەی شەوێک وەک هەموو شەوانی دی لەکاتی چونە ناو ئاوایی لە چەمێکدا ڕێژنەی گوللەی بەسەردا دەبارێنن هەریەک بە گومانی ئەوەی سیخوڕی لایەنەکەی دیکەیە، لە ئەنجامدا دەپێکرێ و تەرمەکەی لە بەردەم مزگەوتی ئاواییدا فڕێ دەدەن: (( لەگەڵ لابردنی کڵاوەکە سیامەند لەپڕ بەشێوەیەکی چاوەڕێنەکراو، وەک ورچێک چەپۆکێکی کێشا بە خۆیدا و هاواری کرد، مەلیک کەیکاوس؟ مەلیک کەیکاوس؟ مەلیک کەیکاوس؟...))(ل-٢٩٨).

## - تەوەری دووەم: ڕەوتی داکشاو:

گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕۆمان دا لەسەریەک ڕەوت ناچێت بەڕێوە، چونکە ڕۆمان پانتاییەکی فراوانی هەیەو گوزارشت لە واقیع دەکات، بۆیە دەچێتە ناو وردەکاری ڕووداوەکانەوە و بۆئەمەش پێویست دەکات بە ڕابردووی کارەکتەرەکاندا بچێتەوە، لەبەرئەوە دەکرێ بڵێین لەم ڕەوتەدا (( ڕووداوەکان لە خاڵێکی ئێستای گێڕانەوەوە دەستپێدەکەن و بەرەو ئایندە دەچن، بەڵام بەردەوام، بە هەندێ ئامرازو تەکنیکی جیاواز بۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوە))( العاني، ١٩٩٤، ٧٥-٧٦). ئەم تەکنیکەش لە ڕۆمانەکانی (ماردین ئیبراهیم) دا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پەیڕەو کراوە.

## - ڕەوتی داکشاو لە ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان )دا:

لە خەونی پیاوە ئێرانییەکاندا کە لە خاڵێکی داکشاوەوە دەستپێدەکات، نووسەر لە نێو لاپەڕەکانی کتێبێکدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو کە لە لایەن کچێکی بیست و شەش ساڵانەوە نووسراوە بە ناوی (ئۆفیلیا) کە توانای قسەکردنی نەبوو، ئۆفیلیا یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە. ئەم ڕۆمانە لە لایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە گێردراوەتەوە،ئەم جۆرەی بگێڕەوەش ((هەمان ئەو شتانە دەزانێت کە کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە دەیزانن، واتە بڕی ئەو زانیاریانەی لای حیکایەتخوانە، یەکسانە بەبڕی ئەو زانیاریانەی لای کارەکتەرەکانی ترە،

بەمەش زانیارییەکانی ئەمجۆرە حیکایەتخوانە خۆی چڕکردۆتەوە لەوەی، کە کارەکتەر دەیبینێ و دەیبیستێ و تێ ی دەگات))(نوری ، ٢٠٢٠، ١٨٦)، ئەم تەرزەی گێڕانەوەش پێویستی بە بەکارهێنانی کاتی ئێستاو جێناوی (من) هەیە. ئەم جێناوەش خوێنەر بە جۆرێک تەفرە دەدات کە وابزانێ ئەوە کارەکتەرەکەیە کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات. بەڵام ئەم گێڕانەوەیە شێوازێکی درامی وەردەگرێ و وەک ئەوەیە کارەکتەرەکان لە سەر شانۆ نمایش بکەن، بۆیە (( ئەوە کارەکتەر نییە کە ڕۆڵی حەکایەتخوانی گێڕابێت، بەڵکو حەکایەتخوانە کە لە ڕێی ڕاناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاکەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکات و لە باتی کارەکتەرەکە باسی ڕووداوو بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە. بەکارهێنانی ئەم ڕاناوە تەفرەدەرە وایکردووە کە ئەو نووسەرو توێژەرانە وابزانن کارەکتەر لێرەدا ڕۆڵی حەکایەتخوانیش دەگێڕێت.))(ئەلوەنی، ٢٠١٥، ٣٢)

لەم ڕۆمانەدا کاتێ بگێڕەوە دەیەوێ باسی ڕابردووی ( ئۆفیلیا، ئیلیاس، میلیاس، لاس، خانی) بکات، پەنا دەباتە بەر ڕاناوی (من) و لە زاری ئەوانەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدات، بەمەش گێڕانەوەی خودی دادەمەزرێت.

لە (خەونی پیاوە ئێرانییەکان) دا سستمی ناکرۆنۆلۆجی، واتا تێکشکانی زنجیرەیی کاتەکان، پەیڕەو کراوە و ڕووداوەکان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بەسەر جەستەی دەقەکەدا دابەشکراون ، پێویستە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دا ئەو پارچە پچڕپچڕانە کۆبکاتەوەو لەزەینی خۆیدا لێکیان بداتەوە و ڕێکیان بخات. ئەم ئاڵۆزییەش چێژێکی بەخشیوەتە تەونی ڕووداوەکان و ئێستاتیکای گێڕانەوەکەی زەقتر کردووەتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ڕۆماننووس سەرەتای ڕۆمانەکەی بە گێڕانەوەی ڕووداوێک دەستپێکردووە کە دەکەوێتە کۆتایی دەقەکەوە کە ئەویش خوێندنەوەی ڕابردووی دەستنووسی مەم و زینە لەلایەن خوسرەوییەوە، کە ئەستێرەناسێکی دانیشتووی شاری مەشهەدی وڵاتی (ئێران) دەبێت. بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دیکەش دا دەبینین تەونی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی تێکەڵکردووەو لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکدا کۆتایی ڕووداوێکی دیکەمان دەداتێ و پاشان لە لاپەڕەکانی دواتردا تەواوی دەکات. ئەمەش دیمەنێکی جوان دەبەخشێتە ڕۆمانەکەو ئاڵۆزی و پشێوییەک دروست دەکات، چێژێکی زیاتر دەداتە خوێنەرو وا لە خوێنەر دەکات زیاتر ڕۆبچێتە ناو قوڵایی ڕۆمانەکەو تا دوادێڕەکان و کۆتایی دەقەکە دەستبەرداری نەبێت. کەواتە ئەم تێکشکاندنی کاتە جگە لە بەرهەم هێنانی ئێستاتیکا، وایکردووە خوێنەریش تەنیا بینەرێکی ڕووداوەکان نەبێت و بە دوای نووسەر بکەوێت بەمەبەستی زانینی سەرەداوی ڕووداوەکان و لە هەوڵی بەیەکبەستنەوەی ڕووداوە کەرتکراوەکاندابێ بۆ گەیشتن بە ئەنجام و کۆتایی ئەو ڕووداوانە.

لە دەقەکەدا لەلاپەڕە (٤٩)دا ئۆفیلیا دەڵێت: (( مەبەستم لە نووسینەوەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا دەمەوێت باسی میلیاستان بۆ بکەم، بەڵام ناچار باسکردنی میلیاس دەمباتە سەر هەموو ئەو شتانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیوەندییان بەوەوە هەبووە))، میلیاس یەکێکە لە کارەکتەرەکان و هاوکات کوڕی پووری ئۆفیلیاو خۆشەویستیشی بووە. وەک ئەوەی لە لاپەڕە (٤٩) دا دەڵێ: (( میلیاس کوڕێک بوو من هەمیشە ویستومە هی من بێت و هەرگیز نەبوو بەهی من. کوڕێک بوو خواوەندەکان بۆ سەفەرێکی کورتی بیست و پێنج ساڵە ناردیانە سەر زەوی و هەرزوو بانگیان کردەوە. بۆ ئەوە ناردیان تا شوێنپێی چەند کەسێک هەڵبگرێت کە جەنگ و دەربەدەری و مەرگ وەک مار ئاڵایە چارەنووسیان)). مەبەستی بگێڕەوە لە گەڕانەوە بۆ دواوە ئەوەیە کە باسی میلیاسمان بۆ بکات و نهێنییەکانی ژیانی ئەومان بۆ ئاشکرابکات، لە ڕێگەی باسکردنی میلیاسیشەوە ئاشنای چیرۆکی ژیانی چەند کەسێکمان دەکات کە جەنگ و سیاسەت و کاولکاری بەرەو چ ئاراستەیەکی بردوون، بەهۆی ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە تێوەی گلاون چۆن مرۆڤایەتی پشتی تێکردوون، ئاشنامان دەکات بەو نادادییەی کە جەنگ و سیاسەت ڕابەرایەتی دەکەن و بەهەمووکون و قوژبنێکی دنیادا بڵاوی دەکەنەوە، چۆن مرۆڤایەتی لە مرۆڤ دادەماڵن و لەسەر دونیا قیامەت دەخوڵقێنن.

هەر لە درێژەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بگێڕەوە لەم ڕۆمانەدا پەردە لەسەر ژیانی خانی باوکی میلیاس لادەدات کە بەهۆی گەشتە سندیبادییەکانی میلیاسەوە بەهەموو ئەو نهێنییانە ئاشنا دەبین و هەموو ئەو ئازارانە هەست پێدەکەین و پەی بەهەموو ئەو ڕاستییانە دەبەین کە جەنگ و سیاسەت وەک سووژنێکی داخ دەینێن بە ڕۆحمانەوە. بۆیە هاوڕێ لەگەڵ قەڵەمە بێدەنگەکەی ئۆفیلیادا لە لەندەنەوە دەگەڕێینەوە بۆ

کوردستان و سەرلەبەری ژیانی باوکی میلیاس دەخوێنینەوە کە چۆن ڕووداوە سیاسییەکانی سالانی هەشتاکانی عێراق و کوردستان ژیانیان بەم ئاراستە تراژیدیایەدا بردووە.

خانی باوکی میلیاس یەکێک بوو لەو کوردانەی بەهۆی سیاسەت و دۆخی سالانی هەشتای عێراقەوە ئاوارەی ولاتان ببوو، سەرەنجام لە لەندەن دەگیرسێتەوە وەک لە دەقەکە لە لاپەڕە(١١١) دا ئاماژەی پێدراوە: (( ئێمە هەموومان دەمانزانی خانی لە خاکێکی دوورەوە هاتووە. زۆرجار لەخۆیمان بیستبوو نارەحەتی زۆری بینیوە لە ڕێگای هاتنی بۆ ئێرە. ئەو چەندانجار باسی ئەوکاتانەی بۆ کردبووین کە یەکێک بووە لەو چەکدارانەی دژی نەوەکانی هیرۆدۆس شەڕی کردووەو نەهامەتی زۆری چەشتووە، هەر لەو برسێتییانەوەی بڕست لە ئینسان دەبڕن تا تینوێتی هەلپروکێن...)).

بگێڕەوە لە یەکێک لەو دیمەنانە لە لاپەڕە(١١١)دا دەمانباتەوە سەر ڕووداوی ڕاپەڕینی ١٩٩١و دەلێ: ((ئێمە وەکو ئەو نەماندەزانی میللەتێک لە مەترسیدایە، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کە لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکانەوە شتێکی سەیرمان بینی و هەر لە ڕۆژی زیندووبوونەوەی مردووان دەچوو، خانی پێ ی دەگووت ڕاپەڕین)). نووسەر بە جۆرێک وەسفی ئەو ڕاپەڕینەی کردووە کە هەموو ویژدانێکی غافلبوو بە ئاگا دەهێنێت، چۆن ئەو خەلکە دەنگ خنکاوو ئیفلیجە هاواریان دەچێتە ئاسمان و بە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم نیشتیمانە تۆقیوەدا ڕادەگەن. بەهەموو ئەو وزەیەی لەگیانیادایە تۆلەی ئەم هەموو سالە خەسیوو یەخسیرانە لەبارەگاو ناوەندەکانی ئەم حکومەتە زالم و فاشیستە دەکەنەوە، کە نووسەر بە ڕۆژی زیندووبوونەوەی مردووان ناوی دەبات و هەروەکو ڕۆژی حەشر وێنای دەکات. هەروەک بگێڕەوە لە دیمەنێک لە لاپەڕە(١١٤) دا لە زاری (خانی) یەوە دەلێت: (( موعجیزەیە، موعجیزەیەکی تەواوە میللەتێک هەستاوەتە سەر پێ سەدان هەزار لاشە لە گۆڕەکانیانەوە ڕاستبوونەتەوەو هاوار بۆ ئازادی دەکەن، خانی بە جێبەخۆنەگرتوویەوە لە مالەکەدا دەهات و دەچوو و وایدەگووت. دەستەکانی لێکدەخشاندن و بە گەرم و گوڕییەوە قسەی دەکرد. دەیگووت ئەوە موعجیزەیەکەو بڕوانەکردەیە، دەیگووت ملیۆنان کەس دژی زۆرداری لە ولاتەکەی ویدا ڕاپەڕیون)).

هەروەک دەزانین ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕین کۆڕەو دەستی پێکردو دۆخەکە پێچەوانە بۆوەو دووبارە کوردی ستەم دیدە ڕەوانەی ئەو دەشت و کێوانە کرانەوەو دیسانەوە میللەتی بەش مەینەت کەوتنەوە بەر پەلامارو هێرشی بێڕەحمانەی تانک و تەیارەی دوژمن، هەروەک بگێڕەوە لە لاپەڕە(١١٦) لەسەر زاری ئۆفیلیاوە دەلێت: (( ئەمجارەیان وێنەی سەر شاشەی تەلەفزێۆنەکان گۆڕا، ئەوانەی دوێنێ بینیمان پەلاماریان دەدا و هێرشیان دەبرد ئەمجارە بینیمانن بە ملیۆنان پشتیان کردبووە مال و هەموو ئەو شتانەیان کە هەیانبوو باوەشکردبوو بە دەشت و چیاو دۆلەسەختەکاندا، ملیۆنان مال بە کۆل لە هەورازو نشێوەکان ئاوادەبوون. بە چیا سەختەکاندا هەلدەگەڕان و لە ژێر باران و تەرزەدا ڕۆژیان دەکردەوە)).

## تەوەری سێیەم: ڕەوتی لولپێچ:

لەم ڕەوتەدا ڕووداوەکان بەیەک ڕیتم ناگێڕدرێنەوە، بەلکو شێوەیەکی لوولپێچی وەردەگرن و بەناو یەکدا دەچن، واتا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و تێکەل لە زەمەنی ڕابردوو و زەمەنی ئێستا دەچێتە پێش، نەوەک تەنیا لە ئێستاوەدەستپێبکات و بەرەو ڕابروو شۆڕبێتەوە یاخود لە ئێستاوە دەستپێبکات و بەرەو داهاتوو بڕوات، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: (( گێڕانەوەی لولپێچ ئەو جۆرەیە لە گێڕانەوە، کە تێیدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێ جوولەی گێڕانەوەکە بۆ پێش و بۆ پاش، بۆ ئایندەو ڕابردوو لە جوولەی لولپێچ بچێت))(العاني، ١٩٩٤، ٧٦).

### - ڕەوتی لولپێچ لە ڕۆمانی ( دەفتەری پیرانی غەمناک) دا :

ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە باسی بلاوبوونەوەی پەتایەک دەکات لە شاردا لە سەرەتای سالی (٢٠٢٠) دا، بە هۆی بلاوبوونەوەی ئەم پەتایەوە کە گوایا پیرەکان هۆکاری گواستنەوەی پەتاکەن، پیرەپیاوێک کە کارەکتەری سەرەکییەو ئاماژە بەناوەکەی ناکرێت، ڕادەکات و لە خانوویەکی

دەرەوەی شاردا نیشتەجێ دەبێت، لە وێوە دەرفەتی ئەوەی دەبێت بە یادەوەرییەکانی خۆیدا بچێتەوە. لەگەڵ بەرێکردنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هاوکات چیرۆکی سەردەمی گەنجی خۆی و هاوڕێکانی کە جەنگ و ستەمکاری و دەسەڵاتی سیاسی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەون و ئومێدەکانی تەفروتونا کردوون.

ئەم ڕۆمانە لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزان و بە جێناوی (من) دەگێڕدرێتەوە، ئەم بگێڕەوەیەش بەوە دەناسرێتەوە (( هەمان ئەو زانیاریانەی لایە کە لای کارەکتەری سەرەکی هەیە، ڕێژەی ئەو زانیارییانەی لە ڕووی چەندیەتییەوە ڤەگێڕی هەمانشتزان هەیەتی یەکسانە بەو ڕێژەیەی کە لای کارەکتەری سەرەکی هەیە، هیچ کامیان زانیاریان لەویتر نە زیاترە نەکەمترە.)) ( کەریم، ٢٠٢٠، ٣٤)

ڕۆماننووس بە شێوەیەک ڕۆمانەکەی دارشتووە کە لە ئێستاوە دەستپێدەکات و بەرەو ئایندە دەڕوات، لەو نێوەندەش دا چەند زنجیرە پچڕانێک دروست دەکات و لە ئێستاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی دوورو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا، دواتر دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی نزیکترو دێتەوە بۆ ئێستا، بەم شێوەیە لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە بە گێڕانەوەیەکی لولپێچ و بەناویەکداچوو، ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە ساڵی (٢٠٢٠) وە بەبڵاوبوونەوەی پەتاکە دەستپێدەکات و تادەگاتە ئەوەی کارەکتەری سەرەکی شار بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە دەرەوەی شاروبەهۆی تەنیاییەکەی دەکەوێتە ناو گێژاوی بیرەوەرییەکانی خۆی کە ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی فلاشباکەوە ئەنجام دەدرێت. تا دەگاتە لاپەڕە( ٢٣) کە لە گێڕانەوەی چیرۆکی مردنی ژنەکەیدا کە حەڤدەساڵ بەر لەو ڕۆژە مردووە، واتا حەڤدەساڵ دەگەڕێتەوە دواوە، هەر لەوێدا دەگەڕێتەوە ساڵانی حەفتاکان و لە ڕێگەی باسکردنی بینینی ژنەکەی بۆ یەکەمجار، باسی ڕووداوە سیاسییەکانی ساڵانی حەفتاکان و نسکۆی شۆڕش دەکات و باسی حاڵ و گوزەرانی خەڵک دەکات لەو بارودۆخەسیاسییەی کە حکومەتی بەعس و جاش و موستەشارەکان بۆ خەڵکیان دروستکردبوو. وەک لە لاپەڕە (٢٣)دا هاتووە: (( لە دواساڵەکانی شۆڕشدا لە خەستەخانەیەک بینیم، پێش ئەوەی هەموو هیوایەک بە شۆڕش و هەموو شتێک تەواوبێت، تازە وتوێژی شۆڕش و حکومەت کۆتایی هاتبوو و شەڕ لە هەندێک جێگا دەستیپێکردبووەوە، شارەکەمان تۆپباران کرابوو، خەڵک خواردنی بۆ ماڵروخاوەکان دەبرد، کچێکم بینی ئاوی دەدایە بریندارەکان...)).

پاشان لە لاپەڕە (٢٨) دەگەڕێتەوە بۆ ئێستاو باسی حاڵ و گوزەرانی ئێستا و تەنیاییەکەی دەکات، دواتر لە لاپەڕە (٤٢) دووبارە دەگەڕێتەوە ڕابردوو و لە ڕێگەی باسکردنی ژیان و خەون و خولیاو چارەنووسی خۆی و هاوڕێکانییەوە دووبارە بەهۆی بارو دۆخی سیاسی ساڵانی حەفتاکان چۆن تاروماری بە چارەنووسیان کردووەو هەریەکە هەڵیداوەتە شوێنێک. زۆر هەڵوەستە لەسەر ژیانی خۆی ناکات و بەشێوەیەک دەردەکەوێت کە ژیانی ئەو باشتر بووە لە ژیانی هاوڕێیەکانی و بە هۆی ئەوەی هاوسەرگیری کردووە، ژیانی ئەو ڕێڕەوێکی وەرگرتووە. دواتر باسی گوللە بارانکردنی یەکێک لە هاوڕێیەکانی دەکات بەناوی ( نەزهەت) کە یەکێکە لە کۆڵەوارترینییان و دەکەوێتە ناو تۆڕی سیاسەت و حوکمی زاڵمانەی ڕژێم لە شارەکەدا، وەک لە لاپەڕە (٤٣) دا هاتووە: ((نەزهەت دوای ئەوەی هەندێک نووسینی پارتێکی دژبەری حکومەتی پێ دەگیرێت، گوللە باران کرابوو و شۆکی مردنەکەی، دایکی کردبووە ژنێکی دێوانەو لە نێوان گریان و پێکەنینە بێهۆو کتوپڕەکانیدا دەیگووت: ئەوە کوڕەکەم بۆ نەهاتەوە؟)).

هەروەها یەکێکی دیکە لە هاوڕێیەکانی دوای ئەوەی دەبێتە سەرباز لە سوپای عێراق دا لە جەنگی موحەممەرە دەکوژرێت و لاشەکەی بەپارچە پارچەکراوی گەڕابووەوە شار.

نەدیم چەلەبی کە یەکێکی دیکەیە لە هاوڕێیەکانی لەجەنگی عێراق و ئێراندا بە دیل دەگیرێت و ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و خانەوادەکەی وادەزانن کوژراوەوە تەنانەت پرسەشی بۆ دادەنێن. وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە( ٤٣، ٤٤)دا هاتووە: (( نەدیم چەلەبی یەکێکی ترمان بوو، دەساڵ دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانی هاتبوو و تەرمێکی شێواویان بۆ هێنابوونەوە وکەس و کارەکەی پرسەیان بۆدانابوو و لەگەڵ

مردنەکەیدا ڕاهاتبوون. دوای نیوەڕۆیەک خۆی کردبووەوە بە ماڵدا و گوتبووی خۆ من نەکوژراوم و بەو هاتنەوە چاوەڕێنەکراوەی هەموو براو خوشکەکانی سەراسیمە کردبوو. )).

فەرەیدون کوێستانی بەنیازی ئەوەی لە دەست ڕژێم و دەسەڵاتی سیاسی شارو مەملەکەت ڕادەکات و دەچێتە دەرەوەی وڵات و ژیانێکی شایستەو خۆش دەژی، کەچی لە سەرسنور دەبێتە خۆراکی مینە چێنراوەکان و چارەنووسی تاهەتایە بەشارەکەوە گرێدرا و بووە شاهێدی هەموو ئەو زوڵم و نادادییەی دەسەڵاتی سیاسی بە نێو چاوانی شارەکەیەوەنا: (( فەرەیدوون کوێستانی لە کێڵگەی مینەکانی سەرسنووردا قاچێکی پەڕیبوو و بەخۆی و دارشەقەکانییەوە بە شەقامەکانی شاردا دەڕۆیشت و کاشیەکانی شۆستەی دەژمارد و بیری لەو هەموو خەونانەی سەردەمی گەنجێتی دەکردەوە کە یەک دانەشیان نەهاتبوونە دی و ببوون بە غوبار. ))(ل-٤٤). پاشان لە لاپەڕە (٦١ ) دەگەڕێتەوە بۆ ئێستاو درێژە بە ژیانی ڕۆژانەی دەدات و بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێ، تا دەگاتە لاپەڕە( ١١١)کە دوا لاپەڕەیە لە بەشی یەکەم دا ئیدی لەوێدا بگێڕەوە ئاماژە بەوەدەکات کە کچەزاکەی کارەکتەری سەرەکی دەچێتە لای باپیری و لەبەشی دووەمدا بگێڕەوە لەسەر زاری ئەوەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لە بەشی دووەم دا بگێڕەوەی هەمانشتزان لەسەر زاری کارەکتەرێکی دیکە کە کچەزای کارەکتەری سەرەکییە، لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، بە کۆمەڵێک زانیاری نوێوە. لەم بەشەدا بگێڕەوە بە مەودای چەند مانگێک دەگەڕێتە دواوەو باسی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکەکانی شارمان بۆ دەکات لە ماوەی بڵاو بوونەوەی پەتاکە لە شاردا. تا لە لاپەڕە (١٤٢) دا لە ڕووداوی کوشتنی نەدیم چەلەبیدا لەلایەن گروپێک گەنجی چەکدار کە حکومەتی خۆماڵی وەک سەگی هار بەرەڵای کۆڵانەکانی شاری کردبوون تاوەکو پیرەکانیان پێ ڕاو بکات و فەوزا لە شارەکەدا دروستبکات. ڕۆماننووس دەیەوێت ناشیرینی ئەم دەسەڵاتەمان پیشان بدات کە ساڵەها لە شارو شاخدا خەباتی لە پێناو کراوە و خوێنیان بۆ ڕشتووە، کاتێک باسی کوشتنی نەدیم چەلەبی دەکات بەدەستی ئەو گروپە چەکدارە، وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە(١٤٢) داهاتووە و دەڵێت: (( ئەو پیاوەی بۆمبەکان و ناپاڵمەکان و ساچمەی تۆپەکان و ئاوارەبوون لەناو ناسنامەو ناوە هەڵەکان و دیلێتی و فەرامۆشی نەیکوشت بۆ ئەوەی ئێستا لەسەر ئەوپردەوە بفرێت و دوو ڕۆژ تەرمەکەی لە قەراخی جادەکە چاوەڕێی پیاوانی شارەوانی بکات بە قێزو بێزەوە بیخەنە عەرەبانەیەکەوەو ببەن لەگەڵ چەند کەسێکی تردا لە چاڵێکدا بینێژن.))(ل-١٤٢). پاشان لە بەشی سێیەم و کۆتایی دا گێڕانەوەکە دێتەوە بۆ ئێستاو بەرەو ئایندە دەڕوات

گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە کە بەڕاناوی (من) قسەدەکات و ڕووی دەمی لە خوێنەرە، گەمەیەکی هونەری جوانە لەلایەن ڕۆماننووسەوە بۆ ئەوەی واقعییەتێک ببەخشێتە ڕۆمانەکەو ڕووداوەکان بە جۆرێک بگێڕێتەوە کە مۆرکی واقعیان پێوە بلکێنێت و هەستی واقیعی بوون لە لای خوێنەر دروست بکات.

## بەشی دووەم: شێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکان:

### تەوەری یەکەم: شێوەی تێکهەڵکێش:

مەبەست لەم شێوەیە، تیکهەڵکێشکردنی چەندان وورده چیرۆکە لەناو یەک ڕۆماندا، گێڕانەوەی ئەم ووردە چیرۆکانەش وادەخوازێ جار نە جارێ ڕۆماننووس دەست لە گێڕانەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە هەڵبگرێ، لە پێناو گێڕانەوەی ئەم ووردە چیرۆکانەدا. لەم شێوەیەدا (( ڕەچاوی زنجیرەیی کاتی ڕووداوەکان ناکرێت، بەڵکوو ڕۆماننووس بە ئارەزووی خۆی یاری بەکاتی ڕووداوەکان دەکات، ڕیزبوونی ڕووداوەکان تێکدەشکێنێ بەبێ ئەوەی کار لە ناوەرۆکی بنیاتی ڕووداوەکان بکات. ))( خاڵەدێوە، ٢٠١٠، ١١٨). ڕۆماننووس بەهۆی هێنانە ناوەوەی ڕووداوی نوێ و پچرپچرکردنی ڕووداوە سەرەکییەکە، زەینی خوێنەر زیاتر ڕادەکێشێتە ناو ڕۆمانەکەو لەگەڵیدا کارلێک دەکات، ئەمەش لێهاتوویی ڕۆماننووسمان بۆ بەدەردەخات لەڕووی بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەو گونجاندنی زەمەنەکان لەگەڵ یەکتردا.

یەکێک لە ئەرکەکانی تێکهەڵکێش جگە لە خاوکردنەوەی گێڕانەوەو بەخشینی جوانی بە دەقەکەو، پڕکردنەوەی کەلێنەکانی گێڕانەوە،

ڕەنگدانەوەی بیرو ئایدیۆلۆجیای ڕۆماننووسە لەناو ئەو ڕووداوە لاوەکی و تێکهەڵکێشکراوانەی تێکەڵ بە ڕێڕەوی دەقی ڕۆمانەکە دەکرێن. ماردین ئیبراهیم بە شێوەیەکی فراوان ئەم تەکنیکەی لە ڕۆمانەکانیدا بەکارهێناوە، بەبەراورد لەگەڵ تەکنیکەکانی دیکەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆماننووس بایەخێکی تایبەتی بە تێکهەڵکێش داوە.

## - شێوەی تێکهەڵکێش لە ڕۆمانی( خەونی پیاوە ئێرانییەکان)دا:

لە خەونی پیاوە ئێرانییەکاندا ڕۆماننووس لە زۆر شوێندا ڕووداوی کورت کورت لە شێوەی چیرۆکی کورت دەئاخنێتە نێو ڕۆمانەکەو ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی لەکاتی گێڕانەوەدا، هەروەها دەبێتە هۆی سەرگەرمکردنی خوێنەرو ئەوەش پیشان دەدات کە ڕۆماننووس بە وریاییەوە تەکنیکەکانی گێڕانەوەی بەکارهێناوە.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا درکی پێ دەکرێت نەفرەت کردنە لە جەنگ و خوێنڕێژی، زەقکردنەوەی ئەو ناشیرینیانەیە کە ناسیۆ نالیزم بەرهەمی دەهێنێت، بۆیە کاتێک باس دەگاتە سەر نەهامەتی و کاولکاری و قوربانییەکانی جەنگ و سیاسەت، جیاوازی نەتەوەو سنوور نامێنێت و هەمووان لەژێر چەمکی مرۆڤبووندا دەگیرسێنەوە.

ئەو ماوەیەی لاس و ئیلیا لە ماڵی میلیاس دەمێننەوە ، لە شوێنێکدا بگێڕەوە ڕەوتی ڕووداوەسەرەکییەکە ڕادەگرێت و ئاماژە بەوەدەکات هەریەکە لە لاس و ئیلیا لاپەڕەکانی ژیانی خۆیان بۆ میلیاس هەڵدەدەنەوە، وەک لە لاپەڕە(٧٣)ی دەقەکەدا هاتووەو دەڵێت: ((چەند مانگێک پێش ئەوەی لاس بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی، هەستکردن بە گوناه سەبارەت بە بەجێهێشتنی دایکە بێوەژنەکەی کەبەهەتیوی ئەوی بەخێوکردووە، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ڕۆحی دەئاوساند...ئیلیاش بە هۆی ئەو قورساییەی یادەوەری ئیشماعیلۆڤ و منداڵانی شامالا بەسەرییەوە هەیبوو ڕۆژ بەڕۆژ بێدەنگترو غەمناکتر دەبوو، شەوێکیان تەنیا لاس و ئیلیاو میلیاس لەماڵەوەدەبن،.. لاس و ئیلیا سەرجەم لاپەڕەکانی ژیانی خۆیان بۆ میلیاس هەڵدەدەنەوە. )) ئیدی بگێڕەوە لەسەر زاری (ئیلیا)وە ڕووداوی تراژیدی کوشتنی منداڵانی شامالامانی بۆ دەگێڕێتەوە، کە تاوانێکی گەورەی دژە مرۆڤایەتییە. ئەو ڕووداوە لە لایەن گروپێکەوە بەناوی گروپی (تفەنگە ڕەشەکان) ئەنجام دراکە نەتەوە پەرستانی سرب دایانمەزراندبوو. بۆ ئەوان فەرقی نەبوو منداڵ یا گەنج یاپیر بکوژن، گرنگ ڕەشەکوژی و قەتلوعامکردنی غەیرە سربی بوو، بۆیە لە یەکێک لەو ئێوارانەدا کاتێک ئەو چوار منداڵەی گوندی شامالا لە ڕێگای قوتابخانە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە لەلایەن یەکێک لەوگروپە چەکدارانەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە، یەکێک لە چەکدارەکان دەڵێت: ((ئەوانە زارۆکن، بەڵام چەکدارەکانی تر دەڵێن فەرق ناکات، شەش چەکدارەکە منداڵەکان دەدەنە بەردەسترێژو منداڵەکان وەک کۆمەڵێک کەروێشک لەکاتی سەربڕیندا دەزریکێنن. ))(ل-٨٤) نووسەر ئەم تراژیدیا گەورەیەمان بەجۆرێک بۆ وێنا دەکات کە هەرچی مرۆڤە قێز لە سیاسەت و سەرانی سیاسەت بکاتەوە. نووسەر تەنیا ڕووداوەکەمان بۆ ناگێڕێتەوە وەکو میدیاکارێک یان مێژوونووسێک، بەڵکو دەچێتە ناو ڕۆحی دیمەنەکەو هەموو ئەو شەرمەزارییانە دەنووسێتەوە کە بە تەوێڵی ڕەشی سیاسەتەوەیە، ویژدانی سڕبووی هەموو کەسێک بە ئاگادەهێنێت، کاتێک ڕۆحی چوار منداڵی تۆقیو دەبنە قوربانیی تەماعێکی سیاسی.

لە ڕێگەی ئەم ڕووداوەوە ڕۆماننووس دەیەوێت کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی سرب و ئەلبانەکانمان بۆباسبکات کەلە پێناو مەرامە سیاسییەکانیان چۆن یەکتریان قەتڵ و عام دەکردو چارەنووسی خەڵکی بێتاوانیان بە ئاراستەی نادیاردا دەبرد. ڕۆماننووس تیشک دەخاتە سەر هەڵوێستی (ئیلیا) کە بە ڕەچەڵەک سربی بوو، ناڕازی بوو لە هەڵوێستی نادادپەروەرانەی سربییەکان بەرامبەر بە موسوڵمانە ئەلبانەکان، کە چۆن و بە چ شێوەیەکی دڕندانە هەوڵی سڕینەوەیان دەدان لە پێناو مانەوەو دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## - تەوەری دووەم: شێوەی نۆرەیی:

مەبەست لەم جۆرە گێڕانەوەی دوو چیرۆکە لە ناو ڕۆمانێکدا، بەشێوەی نۆرەیی، بەجۆرێک بگێڕەوە بەشێک لە چیرۆکی یەکەممان بۆ دەگێڕێتەوە، پاشان دیمەنەکان ڕادەگرێت و دەچێتە سەر چیرۆکی دووەم، کەواتە نۆرەیی (( گێڕانەوەی دوو چیرۆکە لەیەک کاتدا بە شێوەیەکی نۆرەیی، کە لە هەندێک کاتدا چیرۆکێکیان ڕاوەدەستێ و لەهەندێک کاتدا چیرۆکێکی دیکەیان، بەشێوەیەک کە لەکاتی وەستانی چیرۆکێکیان، چیرۆکەکەی دیکە دەست بە گێڕانەوە دەکات. ))(جنداري، ٢٠١٦، ٧٧).

جان ڕیکاردۆ ئەم شێوەیە بە (هاوکاتبوون و نۆرەیی) ناو دەبات و دەڵێت: ((لەمەدا گێڕەرەوە لەیەک پەرەگرافدا دوو ڕووداو دەگێڕێتەوە کە هیچ پەیوەندییەک پێکەوە کۆیان ناکاتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەیەک کاتدا ڕوویان داوە، هاوکاتبوونیش نۆرەیی دەگرێتەوە، چونکە دەست هەڵگرتن لە ڕووداوێک و چونە سەر ڕووداوێکی دیکە، مانای هەڵپەساردنی ڕووداوی یەکەمە،ئیدی گەڕانەوەیە بۆ سەری و بە پێچەوانەشەوە))(ريكاردو، ١٩٧٧، ٢٥٧). بەڵام ناکرێت بە شێوەیەکی ڕەها بڕیار لەسەر نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەم دووچیرۆکەی نێو ڕۆمانێک بدرێت کە دەکەونە ناو قاڵبی نۆرەییەوە، لەبەر ئەوەی لە زۆر ڕۆماندا ئەم دووچیرۆکە لە خاڵێکدا یەکتر دەگرنەوە یاخود پەیوەندییەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت.

## - شێوەی نۆرەیی لە ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) دا:

ڕۆمانی (مەرگی مەیموون) ی ماردین ئیبراهیم یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە لەسەر بناغەی تەکنیکی نۆرەیی دامەزراوە، لەم ڕۆمانەدا دووچیرۆکمان بۆ دەگێڕدرێتەوە کە هاوتەریی یەک دەچنە پێش. لە چیرۆکەکاندا شوێن جیاوازە، لە چیرۆکی یەکەمدا کە دەستپێکی ڕۆمانەکەیەو لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەستپێدەکات و بە هێڵێکی داکشاودا بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتە دواوە، لەم چیرۆکەیاندا شوێن شاری سلێمانییە، ڕووداو گوللەبارانکردنی (ئالان)ە کە لەناو خێزانەکەیدا بە (مەیموون) بانگیان دەکرد، ئەمەش ناوێک بوو بەمەبەستی خۆشەویستی لێیان نابوو. لەم ڕووداوەدا مەیموون و کۆمەڵێک منداڵی دیکەی شارەکە بە ناوی خیانەتی نیشتیمانییەوە گوللە باران کرابوون، ئەم پیلانەش لەلایەن ئوستاز عەزیزەوە ڕێکخرابوو کە مەلای گەڕەکەکەبووەو، لە پێناو شیرینکردنی خۆی و دەستکەوتی مادی لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەم منداڵانەی بە گرتن دابوو کە هێشتان پێناسەی نیشتیمانیان نەدەزانی، وەک لەلاپەڕە (٢٦) ی دەقەکەدا هاتووە: (( چل منداڵ بوون لەو ئێوارە کەڕو بێدەنگەی شاردا تیرباران دەکران بە تۆمەتی خیانەتکردن لە نیشتیمان، بەڵام ئەوان هەندێکیان هێشتا کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستان،خۆیان تەڕدەکرد، هەندێکیان هێشتا ئەگەر کۆلارەکانیان لە ستونی کارەبا یان درەختێکی بەرز بگیرایە دەگریان. )).

چیرۆکی دووەمیش بە هەمان شێوەی چیرۆکی یەکەم لە کۆتایی ڕووداوەوە دەست پێدەکات و بە هێڵێکی داکشاودا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. شوێنی ڕووداو لەم چیرۆکەدا شاری لەندەنە، کە تیایدا باسی چیرۆکی خێزانێکی ئینگلیز دەکات، بەهۆی خیانەتی هاوسەرییەوە منداڵێکیان دەبێت بەناوی (کریستینا) دایکی کریستینا تامردن بەهۆی ئازاری ویژدانەوە دەتلێتەوە. ئەم ڕاستییەشمان لەزاری کریستیناوە پێدەگات کاتێک لە لاپەڕە (٥٥) دا دەڵێ: (( هەرگیز ڕۆژێک هەستم نەکردووە ئەلبێرت باوکی ڕاستەقینەی من نییە، هەڵسانەوەی هەمووشەوانی و ئاگالێبوونی لەمن، ماچ و باوەشی گەرمی بەیانییانی، سۆزی شەوو ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵانی هیچ دەرفەتێکی نەهێشتبووەوە، بۆ ئەوەی ئینسان بچووکترین گومانیش بکات، بەڵام ئەلبێرت میهرەبانییەکی خۆڕسکی هەبوو، ئەو بۆ ئەوە میهرەبان نەبوو تاکو نهێنی باوکایەتی لەمن بشارێتەوە، ئەو هەرخۆی وابوو... سەبرو ئارامی ئەو بەرامبەر میزاجە توندو بەرزو نزم و هەمیشە گۆڕاوەکەی دایکم، نیشانەیەکی دیاری ئەوبوو لەسەر خۆشەویستی قوڵی ئەو بۆ دایکم)).

لە زنجیرەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کە خاڵی دەستپێکە، لە کۆتایی ڕووداوەوە دەستپێدەکات، کە دوای مەرگی مەیموون، خێزانەکەی واتا دایک و باوک و سورەییای خوشکی چۆن ڕۆژەکانیان بەسەختی بەڕێدەکەن و پشت لە ژیان دەکەن، باسی ئەوە دەکات کە سورەییای خوشکی چۆن بەسەر کەلوپەلەکانی مەیمووندا دەگرێ و دەیلاوێنێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا دوو بگێڕەوە پرۆسەی گێڕانەوەکە بەڕێوە دەبەن کە ئەوانیش بگێڕەوەی هەمووشتزان و بگێڕەوەی هەمانشتزانن، کە بە شێوەیەکی هونەری و لە ڕێگەی تێکەڵکردن و پچڕاندنی زەمەنەکان، ئێستاتیکاو چێژێک دەبەخشن بە کاری گێڕانەوەکە.

لە زنجیرەی چوارەم، لە لاپەڕە(١١)دا بگێڕەوە لە ڕێگەی سەرنجێکی کورتەوە دەمانخزێنێتە ناو چیرۆکی دووەمەوە، ئەمەش لە ڕێی گەڕانەوەی زەینی ئەردەڵانی بۆ ئەو ساتەی لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، لە وەسفێکی کورت و چڕی شاری لەندەندا کە بە پەناگەیەکی میهرەبان ناوی دەهێنێت ئەوکاتەی لە دەست بارودۆخی سیاسی ساڵانی هەشتاکان ڕوودەکاتە ئەوێ و لەوێ دا دەگیرسێتەوە، هەر لەم شارەشدا کریستینا دەناسێ و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا دەکات. لە زنجیرەی پێنجەم، لە لاپەڕە(١٣) دا ئەمجارە لە زاری کریستیناوە باسی ئەو ڕۆژەدەکات کە بۆ یەکەمجار ئەردەڵانی بینیوە، ئەو ڕۆژەش دەکرێت بە دەستپێکی چیرۆکی دووەم دابنرێت کە ڕۆژی ناشتنی دایکی کریستینایە: (( من و مارگرێت لەناو سەیارەیەکی ڕەشدا بووین، کەتایبەتبوو بە ئۆفیسی ناشتنی مردوانی گەڕەک و لە دوای جەنازەی دایکمەوە دەڕۆیشتن و...بۆیەکەمجار لەنزیک گۆڕستانەکەوە چاوم کەوتە سەرپیاوێک. ئەو بەسیمایەکی ئەبڵەق و نیگایەکی حەپەساوەوە سەیری جەنازەکەی دەکرد...بە ڕەنگی پێست و ڕوخساریدا زانیم ئینگلیز نییەو دیاربوو لەو پەنابەرانەبوو کەساڵانیک بوو ڕوویان دەکردە ئێرە...)) ئیدی بەشێوەیەکی پچڕپچڕ دەڕواو هەرجارەی دەمانباتە ناو دونیای چیرۆکێکیانەوە و گێڕانەوەی یەکێکیان هەڵدەپەسێرێ. ڕۆماننووس بەشێوەیەک مۆنتاژی گێڕانەوەکەی کردووە کە زەینی خوێنەر هەمیشە لە جووڵەدابێ و هەرجارەو لە بەرامبەر دیمەنێکدا بووەستێت، دواجار کۆکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم دیمەنانە دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر.

ڕۆماننووس بەجۆرێک زنجیرەی زەمەنی تێکشکاندووە و ڕووبەری شوێنی دابەشکردووەو ڕووداوەکانی ڕێکخستووە کە هەرجارەو لەبەردەم زەمەن و شوێنێک ڕامان بگرێت. لەناو ڕووداوی گیران و گوللە بارانکردنی چل منداڵەکەدا نوقمی بیرکردنەوەمان دەکات و دەمانهێنێتەوە سەردەمی دوای ڕاپەڕین و باسی گەڵاڵەی بیرۆکەی کوشتنی ئوستازعەزیمان بۆ دەکات، لەوێوە دەمانباتەوە لەندەن و سەرگەردانییەکانی دایکی کریستینامان بۆ باس دەکات کە چۆن ئالوودەی عەشقێک دەبێت کە دواجار لە ئاگری پەشیمانیدا دەسووتێت و ویژدانی هەنجن هەنجن دەبێت، وەک لە دەقەکەدا لە لاپەڕە (٩٨) دا هاتووە: ((لۆرا ئارەزوویەکی جڵەونەکراوی تێدابوو بۆ ئەوەی سزا بدرێت، دەیویست وەک سەگێک تەمێ بکرێت، دەیویست فەرامۆش بکرێت و لە ئاگری پەشیمانی خۆیدا بسووتێت و ئینجا پاک ببێتەوە.)).

ئیدی لە دوای ڕاپەڕین، ئەوکاتەی ئەردەڵانی دەگەڕێتەوە وڵات و دەبینێت هەمان ئەو مەلاعەزیزەی سەردەمی پێش ڕاپەڕین کە هاوکاری ڕژێمی بەعسی دەکرد و بووە هۆی ئەوەی چل منداڵی ئەوشارە بەناحەق گوللە باران بکرێن، ئێستا بەرپرسێکی گەورەی حکومەتی خۆماڵییە، زۆر نائومێد دەبێت لە گەڕاندنەوەی حەق و دادپەروەری، بۆیە بڕیار دەدات بەکوشتنی ( ئوستاز عەزیز) ی خیانەتکار تۆڵەی ئەو چل منداڵە بکاتەوە. لێرەوە ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە بەهای حەقیقەت لە بەهای ئازادی بەنرخترەو ژیانێک کە حەقیقەتی تێدا ون بێ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زیندانێکی هەتاهەتایی دا نییە.

لە زنجیرەی سی و سێ و لە لاپەڕە (٨٥) دا هەردوو چیرۆک یەک دەگرنەوە، ئەمەش ئەوکاتەیە کە ئەردەڵانی لە زینداندا دەبێت و کریستینای هاوڕێی لەسەردانێکدا، بەتایبەت دێتە کوردستان بۆئەوەی چاوی بە ئەردەڵانی بکەوێت: (( من لەوپەڕی دونیاوە هاتبووم سەردانی ئەردەڵانی بکەم لە زینداندا، ئەوکەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، ماوەیەکبوو هاتبووە سەرییەوە، چۆن دەمتوانی ڕێی لێبگرم؟ پیاوێک جگە لەنەرم و نیانی، هیچی ترم لێ نەبینیبوو، چۆن بزانم کەسێک دەکوژێت؟)).

ڕۆمانەکە بەکۆتاییەکی کراوەوە بەجێهێشتراوەو نازانرێت چارەنووسی هەریەک لە ئەردەڵانی و سورەییا چی لێ بەسەردێت، ئەردەڵانی لەپای تۆڵەکردنەوەی چل منداڵەکە و کوشتنی ئوستاز عەزیز دەکەوێتە زیندان و، سورەییاش دوای مردنی دایک و باوکی، لەلایەن مارگرێتی هاوڕێی داکییەوە بەهەموو نهێنییەکانی ژیانی ئەوان ئاشنادەبێت. ئەم کۆتاییە کراوەیەش جوانییەکی تایبەت دەبەخشێت بە ڕۆمانەکەو وادەکات خوێنەر بکەوێتە بیرکردنەوەو لێکدانەوەی کێشەو ئاڵۆزییەکانی ڕووداوەکان و چارەسەرییان.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## - تەوەری سێیەم: شێوەی بازنەیی:

بەپێ ی ئەم شێوەیە، ڕۆماننووس لە خاڵی کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەستپێدەکات و پاشان بە فلاشباک دەگەڕێتە دواوەو وورده وورده بە زنجیرەیەکی داکشاو بە ڕووداوەکاندا دەچێتە خوارو تا دەگاتەوە خاڵی کۆتایی کە هەمان خاڵی دەستپێکی ڕۆمانەکەیە، واتا بگێڕەوە(( لە شێوەی بازنەیەکدا ڕووداوەکان ڕێکدەخات ودەیانگێڕێتەوە، بە جۆرێک خاڵی دەستپێکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان، دەبێتە کۆتایی هەمان زنجیرە))( محەمەد، ٢٠٠٩، ١٢٤).

مەرجی بازنەیی بەیانکردنی کۆتایی ڕووداوە لە دەستپێکداو پاشان گەڕانەوەو بە دواداچوون بۆ ئەو ژینگەو دەوروبەرەی بوونەتە هۆی ئەنجامی ئەم کۆتاییە، ئەم گێڕانەوەیەش لە ڕووی تەکنیکەوە دیمەنێکی جوان بە چنینی ڕووداوەکان دەبەخشێت و خوێنەریش بە تامەزرۆییەوە بەرەو ناواخنی ڕۆمانەکە بەکێش دەکات.

## - شێوەی بازنەیی لە ڕۆمانی ( خەونی پیاوە ئێرانییەکان) دا:

ڕۆمانی( خەونی پیاوە ئێرانییەکان)ی ماردین ئیبراهیم یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دەچێتە خانەی گێڕانەوەی بازنەییەوەو تیایدا ڕۆمانووس پەیرەوی بنیاتی بازنەیی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەقەکەدا کردووە، ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەرییانە لە کۆتایی ڕووداوەکانەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات، ئەمەش بە سەردانێکی ئۆفیلیای کارەکتەری سەرەکی و دایکی بۆ خانەیەک کە تایبەتە بەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیەو لە دۆخێکی خراپدان دەست پێ دەکات. ئەم دۆخەی ئۆفیلیا خاڵی کۆتایی ڕووداوەکانە کە بە هۆی لەدەستدانی (میلیاس) ی هاوڕێ و خۆشەویستی دووچاری بووە، هەر وەک بگێڕەوە لە لاپەڕە (١٤) لە زاری بەڕێوەبەری خانەکەوە دەڵێت: (( وەک هەر کەسێکی تری ئاسایی لەوانەی تووشی خەمۆکی دەبن ئەو کچەشمان لە بنکەکەمان ناونووس کردو ژوورو جێگەو ڕێگەی تایبەتمان بۆ دابینکرد. هەر بەو هۆیەوە کە ئەو توانای قسەکردنی نەبوو، ئێمە مامۆستاو چاودێرو پەرستاری تایبەتمان بۆ دانا)). ئیدی هەر لەو خانەیەدا ئۆفیلیا بەر لەوەی حاڵی خراپتر ببێت دەست دەکات بە نووسینەوەی سەر لەبەری ژیانی خۆی و میلیاس و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی بەیەکەوەبوونی لەگەڵ میلیاسدا ڕوویانداوەو پێی ئاشنابوونە یاخود لە ڕێی کەسانی دیکەوە بۆیان گێڕدراوەتەوە، لە نێویشیاندا زۆر بەوردی تیشک دەخاتە سەر ڕووداوەسیاسییەکان و قێزەونی ناسیۆنالیزم، ئەمانەش هەموویان لە خزمەت پەیام و ئایدیۆلۆجیای ڕۆماننووس دان و بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ باڵیان بەسەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا کێشاوە. دەکرێ ئاماژە بەوەش بدرێ کەوا ڕۆماننووس کاتێک نووسینەوەی دەقێکی لەو شێوەیە بە کارەکتەرێک دەسپێرێت، لێزانانە توانیویەتی وەڵامی ئەو پرسیارەی خوێنەر بداتەوە کەوا چۆن دەکرێ کچێکی بیست ساڵان بەو تەمەنە کەمەوە بتوانێ دەقێکی پڕ لە خەیاڵ بنووسێ. ئەمەش لە ڕێی ڕوونکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کارەکتەرەوە ئەنجام دەدات کاتێک بگێڕەوە لە زاری بەڕێوەبەری خانەکەوە دەڵێ: ((من ئەو جارانەی سەردانی کتێبخانەکەمانم دەکرد، ئەو کچەم دەبینی بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە خەریکی خوێندنەوەی کتێبەو ئەو کتێبانەشی کە بە دەستییەوە دەمبینی زۆربەیان کتێبی ڕۆماننووسە گەورەکانی دنیابوون))(ل- ١٤-١٥) لە نێو ڕۆمانەکەشدا ئاماژە بە ئاستی ڕۆشنبیری ئۆفیلیا کراوەو بگێڕەوە لە زاری ئەوەوە دەڵێت: ((ئەوکاتەی لەناو دووکان ئیشمان نەدەبوو، یان مشتەری نەبوایە، ئەوا من زیاتر خۆم سەرقاڵی خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان و ئۆتۆبایۆگرافیای نوسەرانی دنیا دەکرد ,, ساڵەکانی سەگ,, ی کۆنتەر گراس و ,, منداڵانی نیوەشەوی ,, سەلمان ڕوشدی و ,, ناوی گوڵی,, ئیمبەرتۆ ئیکۆم بەسەریەکەوە لە ماوەی مانگێکدا خوێندنەوەو ئیتر دنیایەکی فراوانی خەیاڵ و فەنتازیام بەسەردا کرایەوە))(ل-٦٣-٦٤).

ئیدی لەوێوە ڕۆماننووس لە ڕێی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە دەگەڕێتەوە سەرەتاو ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە کە زۆر بەوردی ئاوڕ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان دەداتەوە، هەر لە منداڵییەوە تاوەکو گەیشتن بەو قۆناغەکورتەی تەمەنیان. لەو ماوەیەشدا باسی ڕووداوی ژیانی هەموو ئەوانەش دەکات کە پەیوەندییان بەوانەوە هەبووە، لەو نێوەندەشدا بە کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی جیهانی ئاشنا دەبین و کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەسەر ژیان و چارەنووسی قوربانییەکان دەخرێتە ڕوو.

لە بەشی یەکەم دا لە ڕێی خوێندنەوەی ڕابردووی دەستنوسێکەوە لەلایەن ئەستێرە ناسێکی دانیشتووی شاری مەشهەدی وڵاتی ئێرانەوە دەست پێ دەکات، دەستنووسەکەش (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانییە، کە دەستەیەک لە پیاوانی دەرباری سوڵتان بە دوایەوەبوون بۆ ئەوەی لەناوی ببەن و بیفەوتێنن، دوای ئەوەی دەستنووسەکە دەکەوێتە دەست یەک لەو پیاوانە و دوای خوێندنەوەی لە دەگمەنی و بەهای ئەم شاکارە مەزنە تێدەگات و پەشیمان دەبێتەوە، ئیدی لە پێناو ڕزگارکردنی دەستنووسەکەدا بە تەواوی بنەماڵەوە ڕوودەکەنە وڵاتی ئێران و لە شاری مەشهەد نیشتەجێ دەبن، بەڵام نەوە دوای نەوە وەسیەت دەکەن ئەو دەستنووسە بپارێزن، ئەگەر ڕۆژێک یەکێک هات و نیشانەکانی هەڵدا بیدەنێ(ل-٣٥). دواتر ئەم دەستنووسە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی (خانی) باوکی میلیاس و خێزان و منداڵەکەی پەرتەوازەببن و پاشان خانی تێکەڵی سیاسەت دەبێت و ئیدی دوای نائومێدبوون لە حوکمی سیاسی وڵاتەکەی، ڕوودەکاتە هەندەران و لەگەڵ ژنێکی ئینگلیزدا هاوسەرگیری دەکات و پاشان دەبنە خاوەنی کوڕێک و ناوی دەنێن(میلیاس)، کە هەمان میلیاسی خۆشەویستی ئۆفیلیایە. نووسەر دەیەوێت لە ڕێی ئەم دەستنووسەوە ژیانی کۆمەڵە کەسانێکمان بۆ باس بکات کە چۆن جەنگ و سیاسەت، یاری بە چارەنووسیان کردووە.

ئیدی لەوێوە بگێڕەوە بە دوو ڕەوتی هەڵکشاوو داکشاو، ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی ئۆفیلیاو میلیاسمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەگەڵ گێڕانەوەی هەموو ئەو ڕووداوو بەسەرهاتانەی ژیانی ئەوکەسانەی دێنە ناو بازنەی ئەم دوو خێزانەوە. کەواتە لە ڕێی باسکردنی ڕابردووی ئەوانەوە ئاوڕ لە ژیان و نەهامەتییەکانی چەندین نەتەوە دەداتەوە کە بوونەتە قوربانیی جەنگ و پلانەسیاسییە گڵاوەکان و قوربانیی دەستی بیری ناسیۆنالیزم.

بگێڕەوە لە زاری ئۆفیلیاوە بە شێوەیەک باسی میلیاسمان بۆ دەکات کە سەرچاوەی هەموو نهێنییەکان بووەو دەورێکی گرنگی هەبووە لە کردنەوەی هەموو گرێکوێرەکان: (( میلیاس کوڕێک بوو خواوەندەکان بۆ سەفەرێکی کورتی بیست و پێنج ساڵە ناردیانە سەر زەوی و هەر زوو بانگیان کردەوە، بۆ ئەوە ناردیان تاشوێنپێی چەند کەسێک هەڵبگرێت کە جەنگ و دەربەدەری وەک مار ئاڵایە چارەنووسیان، ئەگەر میلیاس نەبوایە هیچ کەسێک نەیدەتوانی ڕۆحی من هێوربکاتەوە... ئەگەر گەشتە سندیبادییەکانی میلیاس نەبوایە ئێستا من بەتەواوی نەمدەزانی خانی کێبوو، هەر میلیاس نەبوو سەردانی شاری مەشهەدی کردوو خوسرەوی ڕازیکرد ڕابردوو بخوێنێتەوە؟ ئەگەر هۆگری ئیلیا بە میلیاسەوە نەبوایە ئێستا من هیچ شتێکی گرنگم نەبوو لەسەر ئیلیا بینووسمەوە))(ل- ٤٩-٥٠).

ئۆفیلیاو میلیاس لەمنداڵییەوە تا هەرزەکاری بەیەکەوە گەورە دەبن تا ئەوکاتەی میلیاس بۆ خوێندن ڕوودەکاتە شاری بێلفاست و لەوێ خوێندن تەواو دەکات، پاشان دوای گەڕانەوەی بە ماوەیەکی کەم باوکی نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، دوای مردنی باوکی، لەلایەن هاوڕێیەکی باوکییەوە نووسراوێک وەردەگرێت کە تیایدا باوکی تەواوی بەسەرهاتی ژیانی خۆی تێدا تۆمارکردووەو، داوایکردووە دوای مردنی بیدەنێ. ئیدی لەڕێی ئەو نووسراوەوە ئاگاداری تەواوی ژیانی خانی دەبێن، هەر لە پەرتەوازەبوونی خێزانەکەی و بە جێهێشتنی کوڕەکەیی و تێوەگلانی خۆی لەسیاسەت و پاشان بەجێهێشتنی وڵات و دۆخی ئەوسای ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی عێراق، کە هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی میلیاس گەشت بکات بۆ کوردستان و لە ڕابردووی باوکی بکۆڵێتەوە و پاشان ڕزگارکردنی ئەو دەستنووسەی کەنزیکەی سێ سەدە گروپێک بە دوایەوەبوون بۆئەوەی وەکو هەزاران دەستنووسی دیکە بیسووتێنن، ئیدی ئەو دەستنووسەش ڕزگار دەکات و لەلەندەن چاپی دەکات، تا ئەوکاتەی ڕۆژێک لەپیناو ڕزگارکردنی منداڵیک خۆی فڕێ دەداتە ناو ڕووباری تایمز لەلەندەن و بەهۆی ئەوەی مەلەوان نابێت، دەخنکێت، ئیدی بە خنکان و مردنی ئەو، ئۆفیلیا باری دەروونیی تێکدەچێت ودوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە، دەچێتە ئەو خانەیەی ( چارەسەری دەروونیی لێ وەردەگرت)کە خاڵی دەستپێکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، بەم شێوەیە ڕێڕەوی بازنەیی ڕۆمانەکە سووڕی خۆی تەواو دەکات.

کۆتایی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە، بەڵام کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بگێڕەوە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لەبارەی ژیانی ئۆفیلیاوە نەداوە، بەڵکو لەدۆخێکی ناسەقامگیردا بە جێی دەهێڵێ.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو، لەوانە:

١. لە نێو ڕەوتەکانی گێڕانەوەدا، ڕەوتی داکشاوبەشێوەیەکی فراوانتر لە ڕەوتەکانی دیکە لەڕۆمانەکاندا پەیڕەوکراوە.

٢. دەسەڵاتی بگێڕەوە لەم ڕۆمانانەدا بەشێوەیەکی گشتی بەسەر بگێڕەوەی هەمووشتزان و بگێڕەوەی هەمانشتزاندا دابەشکراوە، و بگێڕەوەی کەمشتزان بەهیچ شێوەیەک لێکدانەوەی بۆ باری دەروونیی کارەکتەرەکان نەکردووە.

٣. لە ڕۆمانەکانی سنووری توێژینەوەکەماندا ئەوە دەرکەوتووە کە ڕۆماننووس شێوەی (تێکهەڵکێش، نۆرەیی، بازنەیی) لە گێڕانەوەی ڕووداوەسیاسییەکاندا بەکارهێناوە، کەچی پەنای بۆ شێوەی (زنجیرەیی) نەبردووە.

٤- لەم ڕۆمانانەدا، ڕووداوە سیاسییەکان، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بنیاتی هونەری و هزری و دەروونیی کارەکتەرەکان هەبووەو هەر ئەو ڕووداوانەش چارەنووسی ئەوانی دیاریکردووە.

## لیستی سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

١- ئیبراهیم، ماردین، (٢٠٢٠)، دەفتەری پیرانی غەمناک، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢- ئیبراهیم، ماردین، (٢٠١٦)، مەرگی مەیموون، چاپخانەی ئەندیشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣- ئیبراهیم، ماردین، (٢٠١٣)، خەونی پیاوە ئێرانییەکان،کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا،چاپخانەی رجایی، چاپی دووەم،تاران.
٤- ئەلوەنی، نەجم، (٢٠١٥)، دەسەلاتی حەکایەتخوان لە چیرۆکدا بە نموونەی کۆ چیرۆکی ( کێ وەستا کەریمی کوشت؟) لە نوسینی( موحسین چینی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر.
٥- خاڵەدێوە، ڕێزان عوسمان، ( ٢٠١٠)، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، ساڵی ١٩٨٥-١٩٩٠، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر.
٦- محمد، میران جەلال ، (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٧- نوری، شوان عوسمان، (٢٠٢٠)، بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

### -نامەی ئەکادیمی بەزمانی کوردی:

١- سعید، سەیوان محمد طاهر،(٢٠١٣)، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٢- کەریم، حەسەن یوسف، (٢٠٢٠)، ڕۆڵی ڤەگێڕ لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

### - سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

١- ابراهيم، عبدالله، (١٩٨٨)، البناءالفني لرواية الحرب في العراق، دارالشؤون الثقافية العامة"افاق عربية"، الطبعة الاولى، العراق،بغداد.
٢- ابوناضر، موريس، (١٩٧٩)، الألسنية و النقد الأدبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت.
٣- العاني، شجاع مسلم، (١٩٩٤)، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ج١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٤- جنداري، ابراهيم، (٢٠١٦)، صوت وصدى دراسات نقدية في الرواية العربية، دار الامل الجديدة، الطبعة الاولى، سورية- دمشق.
٥- ريكاردو، جان،(١٩٧٧) قضايا الرواية الحديثة، ترجمة صباح الجهيم، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.

- نامەی ئەکادیمی بەزمانی عەرەبی:

١- بوراين، سلام: سميرة، رتيبة، (٢٠١٦)، تجليات الزمن في رواية ((الولي الطاهر يرفع يدية بالدعاء)) ل(( الطاهر وطار))، رسالة الماجستير، جامعة البويرة.

### - سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1- Genette,G. (1980) . Narrative Discourse: An Essay in Method. Trans. J.E. Lewin. Ithaca, NY: Cornell.
2- Marshall, Evan (1998). The Marshall Plan for Novel Writing. Cincinnati, OH: Writer›s Digest Books.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360